# شێوازەکانی هەلسەنگاندن لە باخچەی مندالان

## قۆناغی سێ / کۆرسی دووەم 2023-2024

## بەشی باخچەی مندالان

**هەڵسەنگاندن Evaluation :**

هەڵسەنگاندن بەشێکە لە نەخشەدانانی کرداری پەروەردەیی و فێرکاری، کردارێکی ئەرێنیی بەردەوام و وردیشەو بایەخ بە کۆکردنەوەی زانیارییە پێویستەکان دەدات بۆ پەرەپێدانی کرداری پەروەردەیی و فێرکاری، کۆڵەگەیەکی بنەڕەتیشە لە کۆڵەگەکانی کرداری پەروەردەیی، کە ئامانجی روودانی گۆڕانکاریی دیاریکراو و مەبەستدارە لە رەفتاری فێرخوازان.

**جیاوازی لە نێوان هەڵسەنگاندن و نرخاندن (الفرق بين التقويم والتقييم):**

زاراوەو بێژەیەك زۆر جار لەگەڵ زاراوەی هەڵسەنگانددا دێت، ئەویش (نرخاندن- التقييم)ە، ئاماژە بەوە دەدەین کە هەڵسەنگاندن لە نرخاندن گشتگیرترو هەمەلایەنترە، چونکە نرخاندن (التقييم) Assessment بڕیاردانە لە سەر بەهای شتێك، تاووتوێی لایەنی دەستنیشانکردنی شتەکان، یان بابەتەکان، یاخود شێوازەکانی رەفتارە.

**هەڵسەنگاندن Evaluation (التقويم) لە باخچە Kindergarten :**

کردارێکی رێکوپێکە بۆ دەستنیشان کردنی ئاستی هێنانەدیی ئامانجە پەروەردەییەکان و کاریگەریی روودانی هەموارکردنەوەیە لە مندال ، هەڵسەنگاندن بریتییە لە کرداری دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن و خۆپاراستن:

- دەستنیشانکردن (التشخيص): دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی شتێکە، کە نیاز وایە هەڵبسەنگێندرێت، هەروەها هەوڵی ناسین و زانینی هۆیەکانیەتی.
- چارەسەرکردن (العلاج): هەوڵی دانانی رێگەچارەی گونجاوە بۆ زاڵبوون بە سەر لایەنە بێهێزو لاوازەکان و سوودوەرگرتن لە لایەنە بەهێزەکان.
- خۆپاراستن (الوقاية): کارکردن لە سەر پەیبردن و درکپێکردنی هەڵەکان لە هەلۆێستە هاوشێوەکاندا.

**ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن (أهداف التقويم):**

1) دەستنیشانکردنی ئامانجە پەروەردەییەکانە لە هەموارکردنەوەی لایەنە خوازراوەکان لە ئەنجامدانی کاری مامۆستا.

2) زانینی ئاستی هێنانەدیی ئامانجە فێرکارییە خوازراوەکانە.

3) چاکترکردنی ئاستی فێرکردنە.

4) دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنە لە میانی زانینی پێگەو خاڵی بەهێزو لاوازەوە.

5) ئاراستەو رێنماییکردن و زانینی ئاستی هونەری و پیشەیی زانیارییەکانە.

6) هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن و شێوازەکانی وانەگوتنەوەیە.

7) سازو ئامادەکردنی دەرفەتی پەرچەخۆراك (Feedback)ی مامۆستایان و سەرپەرشتیاری هونەرییە.

## لایەنەکانی هەڵسەنگاندن  لە باخچە (جوانب التقويم في الروضة):

یەکەم: هەڵسەنگاندنی منداڵ.

دووەم: هەڵسەنگاندنی مامۆستا.

سێیەم: هەڵسەنگاندنی ئەزموون.

لەسەر سەرپەرشتیاری هونەری پێویستە پەی بەوە ببات کە هەڵسەنگاندن دوو لایەن لەخۆدەگرێت:

**لایەنی یەکەم:** هەڵسەنگاندنی مامۆستایە بۆ خودی خۆی لە میانی پێناسەکردنو زانینی لایەنە جیاوازەکانی هەڵسەنگاندنو ئەو ئامرازانەی کە لە هەڵسەنگاندنی کارەکانیدا دەستنیشانیان دەکات.

**بەڵام لایەنی دووەم** ئەوەیە کە ئەو لایەنانەی باس دەکرێن، شتێك نییە جگە لە دەستگیرۆیی‌و یارمەتیدانەکانی سەرپەرشتیاری هونەری بۆ ناسینو زانینی ئاستی مامۆستا لە رووی هونەرییەوە، بەمەش دەتوانێت لە هەڵسەنگاندنی مامۆستاکانی‌و لایەنە جیاوازەکانیان بەکاربهێنێت.

**یەکەم- هەڵسەنگاندنی منداڵ (تقويم الطفل):** منداڵ بە گرنگترینی هاوردەکراوەکانی ناو کرداری فێرکاری دادەنرێت، هەروەها لە ئەنجامە سەرەکییەکانیشی دادەنرێت، ئەو ئەنجامانەی لە سۆنگەی هەڵسەنگاندنی کارەکانی منداڵەوە دێنەئاراوە، ئاماژەیەکی گرنگ‌و پێوەرێکی راستگۆن بۆ ئاستی سەرکەوتنی دامەزراوەو سیستەمی پەروەردەیی، وەکو گشت لە گەیشتن بە ئامانجەکانو هێنانەدیی خواستو ئاواتەکان.

بەرئەنجامی کۆتایی هەڵسەنگاندنی منداڵ خۆی لە ئاستی هێنانەدیی ئەو پەرەسەندنەدا دەبینێتەوە کە لە گەشەسەندنو سێ لایەنی سەرەکی دێتەئاراوە: ئاوەزی زانین (عەقڵی مەعریفی)و کۆمەڵایەتی ویژدانی‌و هەستەوەریی جوولەییدا.

## شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی منداڵی باخچە (أساليب تقويم طفل الروضة):

### یەکەم: تێبینی کردن :

شێوازی تێبینیکردن :شێوازی تێبینیکردن بە رێچکەی سەرەکی لە باخچەی منداڵان دادەندرێت وە چەندین رێگەو رێچکەی جۆراوجۆر و ناراستەوخۆی هەیە. شێوازی تێبینیکردنە بەکاردێت بۆ چاودێریکردنی یەکێک لە منداڵەکان ،هەروەها دەکرێت تێبینیەکە بۆ زیاتر لە منداڵێک بێت یان بۆ هەموو کۆمەڵەکە بەگشتی وەک کارێکی کۆمەڵی ، رێچەکەی تێبینیکردنی منداڵ و هەڵسەنگاندنی ئاستی گەشەیان لە هەموو رووێکەوە لەخۆ دەگرێت:

- گەشەی مێشک و لایەنی مەعریفی .
- گەشەی لەش و جولەی لێهاتووی .
- گەشەی دەروونی و کۆمەلایەتی و ویژدانی.

تێبینیی ئامانجدارو وردی منداڵان لە گرنگترینی ئەو ئامرازانە دادەنرێن کە یارمەتیی مامۆستا دەدەن لە تێگەیشتنی سرووشتی گەشەسەندنیان، ئەمەش بۆ نەخشەدانانی گونجاو ڕێنوێنییان دەکات، تاکو لەو بەرنامانە یارمەتیی تێرکردنی پێداویستییەکانیانو داخوازییەکانی گەشەسەندنیان بداتو لەگەڵ توانستەکانیاندا ڕێ بکات، هەروەها هەر مامۆستایەك سووربێت لەسەر تێبینیکردنی منداڵەکانی بە درێژایی ڕۆژ. **تێبینیکردنیش بە چەندین شێوە دەبێت:**

1. **تێبینیکردنی ئاراستەکراو:** یان مەبەستدارو نەخشەبۆکێشراو (پلاندانراو)، بە جۆرێك کە مامۆستا ئەو منداڵانە دەستنیشان دەکات کە ئەرکی تێبینیکردنیان لە ئەستۆ دەگرێت، لەگەڵ دەستنیشان کردنی ئەو لایەنانەی دەیەوێت تێبینییان بکات.
2. **تێبینیکردنی هەڕەمەکی (الملاحظة العفوية):** یان سەرپێیی، کە تیایدا مامۆستا تێبینیی هەر هەڵوێستێك یان ڕەفتارێك دەکات لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە.
3. **تێبینیکردنی تاکە کەسی (الملاحظة الفرديه):** مامۆستا دووبارەو سێبارە تێبینیی تاکە کەسی دەکات، ئەمەش یارمەتیی مامۆستا دەدات لە ناسینو زانینی ئەو منداڵانەی بە دەست ئاستەنگە دیاریکراوەکانەوە دەناڵێنن، هەروەها زانینی ئەو لایەنە باشو ئەرێنیانەی کە دەکرێ پەرەیان پێ بدرێتو پێش بخرێن.
4. **تێبینیکردنی بە کۆمەڵ (الملاحظة الجماعية):** لە میانییەوە مامۆستا دەتوانێت لە منداڵەکانی تێبگات، ئەمەش لە نەخشەدانانی بەرنامەکان ڕێنوێنی دەکاتو یارمەتیی دەدات، بە شێوەیەك کە لەگەڵ پێداویستییەکانیانو توانستە جیاوازەکانیاندا بگونجێت.

مامۆستا لەوە ئاگادار دەکەینەوە کە تێبینیکردن پێویستیی بە ئاگاییو وردبینیو هەڵسوکەوتو مەشقو ڕاهێنان هەیە، بۆیە پێویستە لەسەری ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

1. دەبێ نەخشەکاری بۆ ڕەفتاری تێبینیکراو، یان دیارو بەرچاو بکات.
2. دەستنیشانکردنی کاتو دووبارەکردنەوەی ڕەفتارەکە.
3. دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی تێبینییەکەی تێدا کراوە.
4. تێبینیکردنی منداڵ لە یەك هەڵوێستو یەك کات بۆ هەمان هەڵوێستی دەستنیشانکراو.
5. دەبێ مامۆستا هەموو تێبینییەکان ئەنجام بدات، بۆ سوودوەرگرتن لێیان لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا.

**سەرپەرشتیاری هونەری دەتوانێت هەموو جۆرەکانی تێبینی لە هەڵسەنگاندن لە میانی تێبینیکردنەکانیان بەکاربهێنێت لە هەموو هەڵوێستە فێرکارییە جیاوازەکانو بە درێژایی رۆژ، هەروەها مامۆستا ئەو شێوازە هەمەڕەنگانە بەکاربهێنێت کە لە جۆرەکانی تێبینی باسمان کردوون.**

## بوارەکانی تێبینی رێکخراو :

1. **لێهاتوویەکان یان (کارەماییەکان ) :**

   قسەکردن، خوێندنەوەی زارەکی، وێنەکێشان، لێهاتووییەکانی ژیانی ڕۆژانە(شووشتنی ددان، شووشتنی دەم وچاو ، جل وبەرگ لەبەرکردن ، پشت بەخۆ بەستن)، ژەنینی مۆسیقا، یارییە وەرزشیەکان ، مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تر.

2. **داب ونەریت و ئاراستەکانی کۆمەڵایەتی :**

   چۆنیەتی پلاندانان ، چۆنیەتی بەکارهێنانی کات ، خۆشەویستنی چاکە بۆ کەسانی تر ، ریزگرتن لە کەسانی تر ، دەست درێژی نەکردنە سەر مولکی خەلک ، هاوکاری کردن ، کاری کۆمەڵی ، دەستپێشخەری ، کۆڵنەدان

3. **هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی :**

   پەیوەندی لەگەڵ دۆستەکان ، لایەنگری ، پارێزگاری کردن لە خاوێنی ژینگە ، سیستەم ، رەفتارەکانی ژینگەیی یەکسان .

4. **ئارەزوو :**

   ئارەزووی مندالّ بۆ چالاکییەکان (زانستی ، هونەری ، کۆمەڵایەتی ، مۆسیقی ، زمانەوانی)

**دووەم : راوێژو راگۆڕینەوە (التشاور وتبادل الرأی): و گفتوگۆو مشتومڕی نێوان مامۆستای پۆل بۆ چارەسەرکردنی لایەنە بەهێزو بێهێزەکان، هەروەها دەکرێ سەرپەرشتیاری هونەری لە لایەك پشت بە شێوازی راوێژو راگۆڕینەوە لەگەڵ مامۆستا ببەستێتو لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئاراستەکاری هونەری (الموجهە الفنیە) و بەڕێوەبەری باخچە، بۆ راوەستانو هەڵوەستەکردن لە سەر لایەنە بەهێزو بێهێزەکان لای مامۆستاو کارکردن لە سەر گەشەسەندنیان.**

**سێیەم : راگۆڕینەوەو زانیاری لەگەڵ خێزانی مندالّ: ئەوەش بۆ روونکردنەوەی شێوەی کێشەو گرفتەکانو چارەسەرکردنو تەواوکردنی لای مامۆستا، ئەمەش لە چارەسەرکردنی لایەنە جیاوازەکان لای مندالّ یارمەتی دەداتو دەستگیرۆییشی دەکات.**

**چوارەم: پەروەنـدەی بەرهـەمی منـداڵ (ملـف انتـاج الطفـل):** پەروەندەیەکە تیایـدا هـەموو ئـەو چالاکییە فێرکارییانـە دەپارێزرێت کە منداڵ بەرهەمیان دەهێنێتو لە باخچە ئەنجامیان دەدات، چ لە نامیلکە، یـان بەرهـەمهێنانی هونـەری، یـان زانستی، یاخود هیتر بن، ئەمەش دەرفەتێك بۆ خوێندنو فێرکردنی منداڵ دەڕەخسێنێتو ئەوەش لە کـاتی هەڵسـەنگاندندا پێویستی پێیان دەبێت.

ئەم پەروەندەیـەش یەکێکە لـە شـێوازەکانی هەڵسـەنگاندنی مامۆسـتا کە ڕەنگدانـەوەی ئاسـتی بایـەخ پێدانیـەتی، بـەوەی پێشکەشی منداڵەکەی دەکاتو هەڵوەسـتەکردنو ڕاوەسـتان لەسـەر ئاسـتیان. سەرپەرشـتیاری هونـەریش دەتوانێت پێوانـەی ئاستی ئەنجامدانی کاری هونەریی پیشەییو مامۆسـتاو پەیوەنـدیی بـە منداڵـەوە بکـات لـە میـانی بەدواداچوونی بەرهـەمی منداڵ.

## ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی منداڵی باخچە (أدوات تقويم طفل الروضة):

لـە دوای گـەڕانو لێکدانـەوەی نێـوان شـێوازە بەردەسـتەکانی هەڵسـەنگاندنی منـداڵ کـە بـۆ مامۆسـتا ڕەخسـاوەو دوای مامەڵەکردن لەگەڵیـدا، هـــەڵبـــەتە زانیـاریی هەمەلایەنـەو ورد بـۆ مامۆسـتا دابـین دەبێـت، کـە لـە دەرکردنـی بڕیـارێکی دروسـت دەربـارەی منـداڵ یارمـەتیی بـدات، لێـرەدا دەتوانرێـت چـاودێریی تێکـڕای ئـەو زانیارییانـە بکرێـت کـە ڕێنمـاییو ئامۆژگاریی ئەوانە دەکەن کە پەیوەندییان لەگەڵ منداڵدا هەیە لە ئێستاو لە ئایندەشدا.

### لەو ئامرازانەی کە لە چاودێریکردنی ئەو زانیارییانەدا بەکاردەهێنرێن، ئەمانەی خوارەوەن:

**1. تۆماری کارامەییەکانو هەڵسوکەوتەکانی منداڵ (سجل مهارات وممارسات الطفل):**

تۆمارێکی تایبەتە مامۆستا تیایدا ئەو کارامەییانە تۆمار دەکات کە منداڵ لە مـاوەی کـارکردنی لەسـەر کۆڵەگـەو بنـەماکان (الارکان) شارەزاو فێریان بووە، بە جۆرێك هەر بنەماو کۆڵەگەیەك کارامەیی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**2. ڕاپۆرتی ماوە ماوەی منداڵی باخچە (التقرير الفترات لطفل الروضة):**

کارتێکە بۆ پێوانەو چـاودێریکردنی گەشـەی کارامەییـەکانی منـداڵ بـەپێی پێـوەری دیـاریکراو بـەکاردەهێنرێت، هـەروەها پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کورت بۆ کەسوکارو بەخێوکار دەربارەی منداڵەکەی لە دوو ماوەدا:

- ماوەی یەکەم: پێش پشووی نیوەیساڵی خوێندن.
- ماوەی دووەم: لە کۆتایی ساڵی خوێندن.

## دووەم/ هەڵسەنگاندنی مامۆستا (تقويم المعلمە):

لـە نـاو ئامانجـەکانی هەڵسـەنگاندنی مامۆسـتادا یارمـەتی چاکترکردنی کارەکـانی هەیـە، ئـەوەش بـە هەسـتکردنو زانـینی پێداویسـتییە پیشـەییەکانیو دابینکردنـی دەرفـەت بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو پێداویسـتییانە بـە شـێوازی سەرپەرشـتیارانەی

جیاواز، لە ئامانجەکانیش بەڕێکردنی بڕیاردان لە سەر ئاستی کارایی مامۆستا لە نەخشەکارییەکانی ئەرکە فێرکارییەکانیو جێبەجێکردنو پێشکەشکردنیانو ئەوەی بەدوایاندا دێت لە ڕێکارییەکانو لە بەرژەوەندیی کرداری فێرکردندا

## شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستای باخچە:

1. ڕاپۆرتی ئاراستەکاری هونەری.
2. ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاری هونەری.
3. ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری باخچە.
4. ڕاوبۆچوونی مامۆستا هاوڕێکانی.
5. ڕای منداڵان.
6. ڕاوبۆچوونی کەسوکارو بەخێوکەری قوتابیان.
7. هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ خودی خۆی.
8. ڕاوبۆچوونی مامۆستا لە هەندێك پرسی پەروەردەییو دەروونیی پەیوەست بە کارەکەی.

**لە خوارەوەش تاووتوێی هەر لایەنێك لەو لایەنانە دەکەین بە کەمێك درێژییەوە.**

**1. ڕاپۆرتی ئاراستەکاری هونەری:**

خەریکە زۆربەی ڕاوبۆچوونەکان لە سەر ئەوە کۆكو تەبابن کە تێبینیی ئاراستەکاری هونەریی مامۆستا لە کاتی چالاکییەکانو هەڵوێستە فێرکارییەکان، بە یەکێك لە باشترینی ئەو ڕێگاو شێوازانە دادەنرێت کە یارمەتیی مەزەندەکردنی ئاستی تواناو لێهاتوویی دەدات لە وانەگوتنەوەدا، بە مەرجێك تێبینیکردنەکە لە هەلومەرجی سرووشتیو ئاسایی دوور لە زاڵبوونو تۆقاندنو دۆزینەوەی هەڵەکان بێت، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکان، یان تایبەتمەندە دەستنیشان کراوەکان ئاراستە بکرێن، ئەو مەزەندەکردنەش لەسەر ژمارەی شیاوی تێبینییەکان دەبێت.

نرخاندنی مامۆستاش لە میانی سەردانیکردنیو تۆمارکردنی تێبینییەکانی سەردانیکردنەکە دەبێت لە تۆمارێکی تایبەت بە بەدواداچوونی هونەریی مامۆستایانو تیایدا پشت بە کۆمەڵە لێهاتوویيو دەستەبەرییەکی پیشەیی دەبەسترێت، کە هەر یەکە لە سەرپەرشتیاری هونەریو ئاراستەکراوی هونەری لە سەر نرخاندنی مامۆستا پشتی پێ دەبەستن. هەروەها ئامادەبوونی ئاراستەکەری هونەریو سەردانیکردنی مامۆستاو بەدواداچوونی ئەوەی سەرپەرشتیاری هونەری پێشکەشی دەکات لە تێبینییەکانو پێشنیارەکان دەربارەی چالاکییەکانی مامۆستاو نرخاندنی توانای سەرپەرشتیاری هونەریو تواناو لێهاتووییەکانی لە سەرپەرشتیکردنو هەڵسەنگاندنی مامۆستاکانیو ئاستی سوودوەرگرتنی مەیدانی لە ئەزموونەکانی سەرپەرشتیاری هونەری.

- **ئەو بوارانەی کە بەدواداچوونی هونەریی مامۆستا دەیانگرێتەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

أ. یەکەم: لە بواری خەسڵەتە کەسییەکان.

ب. دووەم: لە بواری ئامادەکردنی ئەزموونە پەروەردەییەکان.

ج. سێیەم: لە بواری خستنەڕووی ئەزموونو بەڕێوەبردنی پۆل.

د. چوارەم: لە بواری ئامادەکردنی بنەماو کۆڵەگەکانی فێرکردن.

ه. لە بواری هەڵسەنگاندندا.

**دەستەبەریو لێهاتووییە پیشەییەکان لە بواری هەڵسەنگاندندا (الكفايات المهنيه في مجال التقويم):**

1- بایەخدان بە هەڵسوکەوتو شێوازی هەڵسەنگاندنی گشتگیرو هەمەلایەنەو بەردەوام.

2- -بایەخدانو دڵنیابوون دوای کۆتاییهاتنی هەر ئەزموونێك، بەوەی هەر کۆمەڵە ئامانجێك لە بوارە جیاوازەکاندا هاتوونەتەدی یان نا.

3- بایەخدان بە بەکارهێنانی تۆماری کارامەییەکانو هەڵسوکەوتەکانی منداڵ.

4- مەشقو راهێنان لە سەر تۆمارکردنی تێبینییەکان بە بەردەوامی لەگەڵ مامۆستای دووەم.

5- پەرەپێدانی ئەنجامدانی کارەکانی لە بەر رۆشنایی تێبینییەکانو ئاراستەکان.

6- تێبینییەکان پەسەند بکات –لە بەرانبەر رەخنەو ئاراستەکردنەکاندا سینگی فراوان بێت- بۆ ئەوەی پەرە بە ئاستی ئەنجامدانی کارەکانی بدات، پێویستە بە بەردەوامی بپرسێتو بە دوای زانیاریدا بگەڕێت.

**2. راپۆرتەکانی سەرپەرشتیاری هونەری (تقارير المشرفه الفنيه):**

سەرپەرشتیاری هونەری، ئاراستەکارێکەو لە باخچەدایە، ئەرکو کارەکانی یارمەتیدانی مامۆستایە لە هێنانەدیی ئامانجە پەروەردەییە چاوەڕوانکراوەکانو تێکشکاندنی ئاستەنگەکانی بەردەمی، ئەوەی بەسەر ئاراستەکەری هونەریدا پەیڕەو و پیادە دەکرێت بەسەر ئەویشدا پیادەو جێبەجێ دەکرێت، زێدەباری ئەوەی بوونی بەردەوامو هەمیشەیی لە باخچە لە کرداری هەڵسەنگادنی مامۆستادا یارمەتیو رێنوێنی دەکات.

بە زۆریش ئاراستـــەکەری هونەری بە قسەو راوبۆچوونی سەرپەرشتیاری هونەری دەکات لە میانی سەردانەکانی بۆ باخچە، سەرپەرشتیاری بە توانـــــاش ئەوەیانە کە خاوەن کارامەیی بێت لە دەربڕینو خستنەڕووی پێشنیارو راوبۆچوونە تازەکانی بە ئامانجی پـــــەرەپێدانی کارکردن لە باخچەو بەرزکردنەوەی تواناو لێهاتوویی مامۆستایانیش.

**3. راپۆرتی بەڕێوەبەری باخچە:** بەڕێوەبەری باخچە رۆڵێکی گەورەی لە هەڵسەنگاندنی مامۆستا هەیە یەکەم لە رووی کارگێڕیو دووەمیش لە رووی هونەرییەوە، بە جۆرێك کە بەڕێوەبەری باخچە رۆژانە لەگەڵ مامۆستا یەکتر دەبینینو لە

سەرجەم کارەکاندا بەریەکتری دەکەون، بەمەش دەتوانێت تێبینیی چەندین لایەنو کاروباری گرنگ لەسەر مامۆستا بکات، وەکو:

- ❖ ئاگاداربوونو بەرزەفتکردنی مامۆستا لە کارکردنی لە ڕێگەی بەدواداچوونی ئامادەبوونو ڕۆیشتنەوەی لە کۆتایی دەوام.
- ❖ خەسڵەتە جەستەییو تەندروستییەکانی مامۆستاو قسەکانیو هەستو تواناکانی لە دەربڕینی دروستو زمانی تێگەیشتووی بە لای منداڵانەوەو پاشانیش رووخسارو ئەو جلوبەرگانەی دەیپۆشێت.
- ❖ خەسڵەتە عەقڵیو رەوشتییەکانی مامۆستا، وەکو بوونی زیرەکیو بیرکردنەوەی دروستو سەرکەوتن لە هەندێك ئارەزوو و بەهرەو دەرخستنی لە ناو باخچەو سینگ فراوانیو هاوسەنگیی دەروونیو هەڵچوونو سۆزداری.
- ❖ توانای لەسەر کارکردنی هەرەوەزی لە کەشی گشتیی باخچەو بەشداریکردن لە کاری کارگێڕی ئەگەر پێویست بکاتو وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی کارکردنو بەخشینی توانای زیاتر بۆ سەرخستنی کارەکانی لە باخچەدا.
- ❖ پەیوەندیی مرۆڤدۆستانەی لەگەڵ هاوڕێکانی لە دەستەی کارگێڕیو سەرپەرشتیو فێرکردنو هەموو کارمەندان لە باخچەو پەیوەندیی باشی لەگەڵ منداڵانو لەگەڵ کەسوکاری قوتابیانیش.

### 4. راوبۆچوونی هاوڕێ مامۆستاکانی:

زۆر جار هاوڕێیان لە بەرپرسانی دیکە باشتر بڕیار لە سەر مامۆستا هاوڕێکانیان دەدەن، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو پەیوەندییە کەسییە بەردەوامانەی لە نێوان مامۆستاو هاوڕێکانیدا هەیە، هەروەها لەو نزیکییەی لە رووی بیروبۆچوونەوە لەگەڵ یەکتریدا هەیانە، بۆیە پێویستە راوبۆچوونی هاوڕێکانیش وەربگیرێت، وەکو بەشێك لە لایەنە پێویستەکان بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا، پاشان وەرگرتنی ناوەندی ئەو راوبۆچوونانە، تاك و لەوەش دوور بکەوینەوە کە لەوانەیە یەکێك لە هاوڕێکانی لەگەڵ مامۆستادا کێشەو ناکۆکیو جیاوازییان هەبێت.

بە هەمان شێوازیش دەکرێت کاری سەرپەرشتیاری هونەری بنرخێندرێت ئەوەش لە میانی رێنماییکردنی پەیوەندییەکانی بە مامۆستایانو وەرگرتنی راوبۆچوونەکانیان لە ئەنجامدانی کارەکانی.

### 5. راوبۆچوونی منداڵان:

ئەستەمە راوبۆچوونی منداڵان لە باخچەی منداڵان وەربگیرێتو لە بەر رۆشناییدا بڕیار لەسەر ئاستی سەرکەوتنی مامۆستا لە کارەکانی بدرێت ، هەرچەندە دەکرێت بەدواداچوون بۆ وەڵامدانەوە جیاوازەکانی منداڵانیش بکرێت، هەڵبەتە ئەمانەش لە هیچەوە نایەن، بەڵکو ئەوانە پەرچەکرداری سرووشتین کە مامۆستا بە کردار ئەنجامی داونو ئەو هەلۆیستانەی سازو ئامادەی کردوون، هەروەها ئەو ژینگە دەوروبەرەی کە ئامادەی کردووە، بۆیە ئەگەر منداڵ دڵخۆش بێتو سەرقاڵی ناخی یارییەکانیو کاری ورووژێنەرانەو دۆزینەوەکاری بێت، ئەوە ئاماژەیەکی روونو رەوانە بۆ سەرکەوتنی مامۆستا لە کارەکانی، پێچەوانەکەیشی راستە، ئەوەش لە بیر نەکەین کە هەندێك لە قوتابیان لاسایی مامۆستاکانیان

دەکەنەوە، بۆ ئەمەش دەکرێ بڵێین کە مامۆستا کاریگەریی لە سەر منداڵەکان بە ئەرێنیو نەرێنی جێهێشتووە، پاشانیش دەکرێ بۆ پێوانەکردنی بەشێك یان هەڵسەنگاندنی مامۆستا پشتیان پێ ببەسترێت.

### 6. راوبۆچوونی کەسوکارو بەخێوکەری قوتابی (اراء أولیاء الامور):

راوبۆچوونی بەخێوکەرو کەسوکاری قوتابیان لە بڕیاردان لە سەر مامۆستای باخچە، لەوانەیە زیاتر باوەڕی پێ بکرێت لە بڕیاردان لەسەر مامۆستا لە قۆناغەکانی دیکە، بۆیە ناکرێ نکۆڵی لە رۆڵی کەسوکاری قوتابی لە کرداری هەڵسەنگاندنی مامۆستادا بکرێت، بەڵکو زۆرجار رێنوێنییەکانیان پەسەند دەکرێت، لە سۆنگەی زۆری سەردانیکردنی دایکانو باوکانی قوتابیان بۆ باخچەو ئاستی پەیوەندیو یەکترناسینی نێوان ماڵو باخچە رۆڵێکی بەرچاویان هەیە، هەروەها لە سۆنگەی ئەوەی کە منداڵان لە باخچەوە ئەزموونی جۆراوجۆر لەگەڵ خۆیاندا بۆ ماڵەوە هەڵدەگرن کە لە باخچەدا بەدەستیان هێناوەو فێری بوونو بە ئازادیو ئارەزووی خۆیانیش ئەو راو سەرنجانەی خۆیان لە چوارچێوەی ماڵو خێزانەکانیاندا بە رەوانی دەردەبڕن، بۆیە دەبینین هەندێك لە دایکانو باوکان شتی زۆر دەربارەی مامۆستایان دەزانن، بە تایبەتیش دایکان، بەمەش راوبۆچوونەکانو بڕیارەکان دەدرێن، کە دەکرێ سوود لە هەندێکیان وەربگیرێت لە کرداری هەڵسەنگاندنی مامۆستای باخچەدا.

### 7. هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ خودی خۆی:

بەمەش دەگوترێت هەڵسەنگاندنی خودی، زانینی بۆچوونی مامۆستاش لە سەر خودی خۆی دوو سوودی هەیە، لە لایەکەوە وامان لێ دەکات پەی بەو شێوازو وێنایە ببەینو درکی پێ بکەین کە مامۆستا بۆ خودی خۆی وێنای کردووە، ئەمەش بەهای خۆی هەیە لە هەڵسەنگاندنی کەسێتیی مامۆستادا، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵسەنگاندنی خودی دەرفەتێکە بۆ بەخۆداچوونەوەو بیرکردنەوە، بەمەش مامۆستا سەرنجی کەموکوورییەکانی خۆی دەداتو بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن چاكو چارەسەریان بکاتەوە، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی بەرزی لە پێگەیشتنی پیشەییدا دەبێت.

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەش پێویستیی بە پلەیەك لە زیرەکیی گونجاو و رێژەیەك راشکاویو ئازایەتی لەگەڵ خوددا هەیە، هەروەها پێویستیی بە مەشقو راهێنانو هەڵسوکەوت هەیە، زۆرجاریش مرۆڤ رەخنە لە خودی خۆی دەگرێتو خۆی هەڵەو کەموکوورییەکانی خۆی دەبینێت، بە تایبەتی ئەگەر توانای ئەوەی هەبێتو درك بەوە بکات کە دەربڕینی گرفتەکانیو بە راشکاوی باسکردنو ئاشکراکردنی لایەنە کەموکوورییەکانی زیانی پێناگەیەنێت، بەڵکو بە ئیرادەو ئاراستەکردنو هەرەوەزیکردن لە سەر چاك کردنەوەیانو پەرەپێدانی لایەنە دروستەکان کۆششی زیاتر دەکات.

مامۆستا دەتوانێت بە بەدواداچوونی کارەکانی خۆی لە باخچەدا بۆ خۆی هەڵبسەنگێنێت، تاکو بتوانێت لە سەر لایەنە نەرێنیو ئەرێنییەکانی خۆی رابوەستێتو ئەو ئاستەنگانە بزانێت کە لە کاتی کاری رۆژانەی رووبەڕووی دەبنەوە، بەمەش کار لە سەر نەهێشتنیان دەکات، ئەوەش لە میانی هەڵوێستو چالاکییە جیاوازەکانی دەبێت کە ئەنجامیان دەدات، کە جەخت لە سەر چەندین لایەن دەکاتەوە، لەوانەش:

- ئاستی هێنانەدیی ئامانجە دیاریکراوەکان.
- ئاستی کارلێکی نێوان مامۆستاو منداڵەکان لە هەموو کاتو ماوەکان (کاری بە کۆمەڵ، کارکردن لە سەر بنەماکان، چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، یارییەکانی گۆڕەپانو...تاد).
- ئاستی توانای مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانو ئاراستەکردنی رەفتارەکانیان.
- ئاستی توانای دۆزینەوەی تواناو مەیلو ئارەزووەکانو ئامادەباشییەکانی منداڵان.
- لایەنەکانی دیکە.

<u>**تێبینی**</u>: مامۆستا دەتوانێت لایەنەکانی پێشوو لە تۆمارێکی تایبەت بە ئامادەکردنی وانەی رۆژانە تۆمار بکات، یان شێوازو رێگەی هەڵسەنگاندنی خودی خۆی نوێبکاتەوە.

**8. راوبۆچوونی مامۆستا لە هەندێك پرسی پەروەردەییو بیردۆزیی پەیوەست بە کارەکەی (رأي المعلمة في بعض القضايا التربوية والنظرية المتعلقة بعملها):**

لەو ئامرازانەی دەکرێ یارمەتیی ناسینی ئاستی توانای مامۆستای باخچە بدەن، لە رووی پیشەییو پرسیارەکانی دەربارەی بۆچوونی خۆی لە سەر هەندێك پرسی پەروەردەییو دەروونی کە پەیوەستن بە کارەکەی، وەکو مامۆستایەك، ئەوەش بە مەبەستی زانینی ئەوەی ئایا راوبۆچوونی خۆی لە سەر بنەماو رێسای پەروەردەییو دەروونیی پەسەندو شیاو لە رووی زانستییەوە نرخاندووە یان نا.

**ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستای باخچە (أدوات تقويم معلمة الرياض):**

دەکرێ سەرپەرشتیاری هونەری پەنا بۆ چەندین ئامراز ببات بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا:

**1. هەڵسەنگاندنی رۆژانە:**

شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی رۆژانەی سەرپەرشتیاری هونەری جۆراوجۆرە لە میانی تێبینیکردنی ناوپۆلو دەرەوەی پۆل بە درێژایی رۆژی قوتابخانە، چونکە لە میانی چالاکییەکانیو سەردانیکردنی پۆلەکانو مامەڵەکردنی لەگەڵ منداڵان هەر لە دەستپێکی هاتنە باخچەیان تاکو رۆیشتنەوەیان، سەرپەرشتیاری هونەری دەتوانێت بەدواداچوونی مامۆستاکان بکات، لێرەدا مەبەست تۆمارکردنی رۆڵی پشکنینی تۆمارکردنی هەڵەکان نییە، بەڵکو پێویستە رۆڵی سەرپەرشتیکارانەیەك بێت بە واتای وشە، بە جۆرێك لە هەڵوێستو بوونی هەڵەدا وەکو ئامۆژگاریکەرێكو رێبەرێك رابوەستێتو بە باشترین رێگەو ئاراستەی دروست هەڵەو کەموکووڕییەکان راست بکاتەوە، کە وا دەخوازێت مامۆستا لە هەڵوێستی دروستو ئاساییدا بیانگرێتەبەرو وەکو هاندەرێكو یارمەتیدەرێك ورەی مامۆستا بەرز دەکاتەوەو هانی دەدات. لەسەریشی پێویستە بە هەموو راستگۆییو بابەتیبوونەوە چاودێریی تێبینییەکانی بکات بۆ پارێزگاریکردنی مافەکانیو بەخشینی ماف بە هەر خاوەن مافێك. بەڵام لە کاتی سەردانیکردنی پۆلەکانو چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلیش، سەرپەرشتیاری هونەری کۆمەڵە خشتەیەك

بەکاردەهێنێت کە هەندێك بەندو خاڵ لە خۆدەگرێت و لە ڕێگەیەوە ڕێنوێنیی دەکات لە نرخاندنی مامۆستا لە میانی چالاکییە جیاوازەکانیو پاراستنی لە تۆمارە تایبەتەکان، بە تایبەتی بەدواداچوونی هونەریی زانیارییەکان.

**گفتوگۆو مشتومڕکردنی نموونەکانی هەڵسەنگاندنی فوتابخانە جیاوازەکان (خستنەڕووی نموونەو ڕاڤەکردنی بەندەکانی)**

**گفتوگۆو مشتومڕی نموونەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستای خاوەن ئاستی نزم (خستنەڕووی نموونەو ڕاڤەکردنی بەندو خاڵەکانی)**

**گفتوگۆو مشتومڕی نموونەکانی هەڵسەنگاندنی ئەزموونی پەروەردەیی (خستنەڕووی نموونەو ڕاڤەکردنی بەندو خاڵەکان)**

**پێناسەکردن بە ئامرازی سیستەمی نرخاندنی توانستی (تعريف بأداة نظام تقييم الكفاءة):**

نرخاندنی لێهاتوویی ئامانجی ئەوەیە دەبێت ئامرازی بەدواداچوونی کاری فەرمانبەر بێت لە ماوەی ساڵێك بە وردیو بابەتییانەوە

ئامرازی نرخاندنی لێهاتوویی بریتییە لە ڕاپۆرتێك سەرۆکی ڕاستەوخۆ دەربارەی ئەنجامدانی کاری فەرمانبەرەکانی دەینووسێتو لە چوار کۆمەڵە پێکدێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

- کۆمەڵەی یەکەم (هۆکارەکانی لێهاتوویی ئەنجامدانی کاری تاکە کەسی):
  - ئاستی پابەندبوون بە دەوامی فەرمییەوە.
  - قەبارەو وردیی کار (ئەنجامدانی کار).
  - لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریو توانای هەڵسوکەوتکردن.
  - پابەندبوون بە ڕێنماییە کارگێڕییەکانو ڕێکخراوەکان.
  - سووربوون لە سەر موڵكو ماڵی گشتی.
  - پابەندبوون بە ڕەوشتی پیشەیی.
  - زاڵبوون بە سەر بابەتی زانستیدا.
- کۆمەڵەی دووەم (هۆکارەکانی لێهاتوویی ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵ):
  - ئاستی هەرەوەزیو هاوکاری لەگەڵ هاوڕێیانو ئەندامانی تیمی کارکردن.
  - سووربوون لە سەر گواستنەوەی ئەزموونەکان بۆ ئەوانیتر.
  - شارەزایی لە ئامانجە گشتیو پەروەردەییەکان.
- کۆمەڵەی سێیەم (هۆکارەکانی لێهاتوویی توانستە کەسییەکان):
  - ڕووخساری گشتیو ئاستی پابەندبوون بە ڕەفتاری چاکی فەرمانبەری.
  - ئاستی پەسەندکردنی ڕەخنەو پێشنیارەکان.

- خواستو ویستی کار له سەر گەشەپێدانی خود.

- **کۆمەڵەی چوارەم (هۆکارەکانی نرخاندنی لێهاتوویی ئەوانەی ئەرکی سەرپەرشتیاری ئەنجام دەدەن):**

- توانای سەرکردایەتیکردنی ئەوانەی خوارەوە.
- دابەشکردنو پۆلینکردنی کار.

(خستنەڕووی نموونەی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی مامۆستاو سەرپەرشتیاری هونەری، لەگەڵ هۆکاری لێهاتوویی هەر کۆمەڵێك).

---

**( بەهیوای سەکەوتن )**

**مامۆستای بابەت**

**پ.د.سلوى احمد امين**

## بەشي دووەم لە شێوازەکانی هەلسەنگاندن :

**جۆرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەزموونی کە بەکاردەهێندرێت بۆ بەهێزکردنی ئاستی منداڵی باخچە:** مامۆستا چەندین هەڵسەنگاندنی ئەزموونی بەکاردێنێت بۆ بەهێزکردنی ئاستی منداڵی باخچە لەوانە ئەمانە :

**1- هەڵسەنگاندنی ئەزموونی ڕوونکردنەوەی وێنەکان :**

لێرەدا منداڵ ناوی هەر شتێك كە لە وێنەکەدا هەیە دەریدەبڕێت یان دەربڕینی ئەوکارانەی ئاماژیە بۆیان .

**2- هەڵسەنگاندنی ئەزموونی پۆلینکردن :**

مەبەستە تێیدا منداڵ بازنەیەك یان نیشانەیەکی دیاریکراو دابنێت کە ئاماژەبێت بۆ ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەکۆمەڵێکی دیاریکراو هەیە .

**3- هەڵسەنگاندنی ئەزموونی تەواوکردنی کەم و کوڕیەکان :**

مەبەست تێیدا نیشاندانی وێنەی شتێك وە داوا لە منداڵ **دەکرێ بۆ تەواوکردنی ئە بەشەی یان ئەو پیتەی کە دانەندراوە .**

**4-  هەڵسەنگاندیی ئەزمووونی زنجیرەو  ڕێکخستن :**

مەبەست لێی دووبارە ڕێکخستنەوەی بەشێوەیەك لەنزمیەوە وێنەی **بۆكێشراوە یاخود لەبەرزیەوە  کەپەیوەستە بە هەستی دەستلێدان کە مامۆستا دیاری دەکات.**

**5-هەڵسەنگاندیی ئەزموونی پەیوەست بە سەرسامکەرەکان .**

مەبەستە تێیدا منداڵ بازنەیەك یان نیشانەیەکی دیاریکراو دابنێت کە ئاماژەبێت بۆ ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەکۆمەڵێکی دیاریکراو هەیە .

**6-هەڵسەنگاندیی ئەزموونی ڕاست و چەوتی :**

مەبەستی تییدا دانانی نیشانەی ڕاست یان بازنەیەك لە چواردەورەی ئەو وێنەیەی کە ئەو مەبەستیەتی .

**7-هەڵسەنگاندیی ئەزموونی تێهەڵکێشان :**

وە مەبەست تێیدا گەیاندنی هەردوو وێنە بەیەکتر کە پەیوەندیەکی لێك چوو  یان دژیان هەبێت .

**8-هەڵسەنگاندیی ئەزموونی هەڵبژردن لە جۆراوجۆرەکان :**

مەبەست تێیدا دانانی ئەو وێنەیەی کە منداڵ هەڵیدەبژێرێت بۆ وڵامەکەی لە ناو بازنەیەك و بەجێ هێشتنی ئەوانی تر لەدەرەوەی بازنە .

**9-هەڵسەنگاندنی و ڕوونکردنەوەی  تایبەتمەندی شێوە .**

مەبەست تێیدا لێکدانەوەی منداڵەکان بۆ ئەو ی کە لە وێنەکە ئاماژە پێکراوە هەر یەکێکیان خۆش بێت یان ناخۆشی یان تەنگی بێت ..تد .

**لە کوێ پێشکەوتنی ئەنجامدانەکانی منداڵەکە بەبەڵگە تۆماردەکرێت :**

پێشکەوتنی ئەنجامدانەکانی منداڵەکە بەبەڵگە تۆماردەکرێت لە فایلێکی تایبەت بە دەستکەوتەکانی خۆی.

**هەنگاوەکانی کرداری بەهێزکردن لەناو باخچەدا :**

1. تێبینی کردن و گوێ گرتن لە منداڵ .
2. چاودێریکردنی هەڵس و کەوت و گفتوگۆی منداڵ .
3. تۆمارکردنی هەڵس و کەوت لە سەر لیستی بەدەست هاتوو یان بەشێوەیەکی نهێنی .
4. دیاریکردنی ئاستی منداڵ لە ئەنجامدانی بەهێزکردنی بەردەوام .
5. پەیوەندی کردنی بەردەوام لە گەڵ بەخێوکەری منداڵ .
6. دیاریکردنی چالاکیەکان بۆ یارمەتیدانی منداڵ لەسەر بەهیزکردن بۆ ئاستێکی بەرز .
7. ڕێکخستنی منداڵەکان بۆ کۆمەڵەی وەك یەك بۆ ئاست و لایەنێکی دیاریکراو .

## شیوازەکانی هەڵسەنگاندنی منالی باخچە :

1. راست و چەوت بە بەکارهێنانی وێنە .
2. لێکدانەوەی وێنە (هەڵسەنگانی زارەکی) .
3. گێژی .
4. پۆلین کردن .
5. زنجیرەیی و رێکخستن .
6. (شیوازی تەواوکاری) ئەو بەشەی کە دیار نیە لە وێنەکە .

## لەخۆگرتنی پێوەرەکانی لاوەکی پێنجی کە پاتریەکەی لێ پێك هاتووە ئەوانەیە :

1. ئاگایی یان هەستکردنی فۆنۆلۆجی .
2. پێناساندنی پیتەکان .
3. پێناساندنی ژمارەکان .
4. پێناساندنی شێوەکان .
5. پێناساندنی ڕەنگەکان .

## بوارەکانی بەهێزکردن لە باخچەدا :

ئەمەی خوارەوە گرنگترین ئەو بوارانەن کە پێویستن بۆ بەهێزکردن :

1. بەهێزکردنی ئامانجی فێربوونی منداڵ .
2. بەهێزکردنی بەرنامەی چالاکیەکان .
3. بەهێزکردنی ئەدائی مامۆستا لە پێشکەشکردنی چالاکی .
4. بەهێزکردنی بەرەوپێشچوونی منداڵ و گەشەی .

**ئەو مەرجانەی کە پێویستە هەبێت لە رێچکەکانی بەهێزکردنی بەکارهاتوو لە باخچەدا :** هەندێك مەرج پێویستە لە رێگەکانی بەهێزکردندا هەبێت :

1. بابەتی .   2- راستگۆی .   3-جێگیری .   4-جیاکاری

**قۆناغەکانی ئامادەکردنی ڕێگاکانی بەهێزکردن بەکارهاتوو لە باخچەدا :** بەهێزکردن بە چەندین قۆناغ تێدەپەڕێ لەوانە هەنگاوەکانی کار و دەست نیشانکردنی تایبەتمەندی گشتی بۆ پلانی بەهێزکردن ، وە لە دیارترین ئەو قۆناغانە ئەمانەن :

1. دیاریکردنی ئامانج .
2. ئامادەکردن یان هەڵبژاردنی رێگەکانی بەهێزکردن
3. لیکدانەوەی دەرئەنجامەکان .

بەدواداچوون .

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی هەڵسەنگاندن :**

أ. دیاریکردنی ئامانجەکانی پەروەردەیی .

ب. دیاریکردنی ناوەڕۆك کە پێویستە لیستی تایبەتمەندیەکانی هەڵسەنگاندن داپۆشرێت .

ج. دیاریکردنی گرنگی بەشەکانی ناوەڕۆك و گرنگی ئامانجی

د. دیاریکردنی جۆر و جۆرەکانی پرسیارەکانی کە بەکاردەهێنرێت .

هـ . دیاریکردنی ژمارەی هەموو پرسیارەکان بۆ هەڵسەنگاندن .

و. دیاریکردنی قورسی پرسیارەکان .

هەربۆیە کرداری بەدواداچوونی منداڵی باخچە لە میانی هەڵسەنگان دا ئەم ئامانجانە بەدەست دێن :

1. یارمەتی دانی باوکان و دایکان و مامۆستایەکان لە تێگەیشتنی منداڵ بەشێوەیەکی راست و چاودێری کردنی گەشەی ، لە دوورخستنەوەی
2. یارمەتی دانی مامۆستا لە دابەشکردنی منداڵەکان بۆ کۆمەڵەی یەکسان لە توانا و بەهرە ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت بۆ کەم کردنەوەی گیروگرفتی دەرچوو لە جیاوازی تاکی .
3. یارمەتی بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەی باخچەی منداڵان و ماوەی بەسەرچوونی و گونجاوی بۆ ئاستی منداڵەکان .(هندی و عليان، 1983 : ص105)
4. یارمەتی بۆ بەدیارخستنی باری تایبەت وەکو رێگرتنی جەستەیی .
5. پێدانی نۆرینگەکانی دەروونی بەزانیاری و راپۆرتی راست و دروست لەسەر رەفتاری منداڵان کە ئەویش کاریگەری هەیە لەوەی رویداوە بۆیان لە گیروگرفتی دەروونی .
6. دانی دەرئەنجامی راپۆرتی هەڵسەنگاندن بە قوتابخانەی سەرەتایی وێنەیەکی روون لەسەر بەرەوپێشچوونی منداڵ و تواناکانی و شێوازی کەسایەتی کە ئەوەش یارمەتی مامۆستاکە دەدات بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵ .

*****************************************************************

**بەهیوای سەرکەوتن**